

# ئایفۆن
# لە مۆبایلەوە بۆتە ئامێری گەمەکردن

ئایفۆن لەو کاتەوەی کە بەرهەم هاتووە جگە لەوەی هەزاران پرۆگرامی تایبەت بە سیستەمی ئایفۆن دروســـتکراوە چەندین ئامێری لاوەکیش تایبەت بـــەو مۆبایلە بەرهەم هاتووە، یەکێك لەو ئامێرانە جۆرە ئامێرێکی کۆنترۆلەر (controller) کە چەندین دوگمەی فیزیکی لەســـەرە کە لە گەیم پەدی کۆنسۆلی یاری دەچێت.

ئەم ئامێری دەسکی گەمەیە چەندین دوگمەی فیزیکی لەسەرە بۆ ئاسانکردنی یارییەکان، دیزاین و ستایلەکەی بە جۆرێکە دەکرێت بە هەردوو دەست یاریی پێبکەیت و ئایفۆن لە ناوەندی کۆنترۆڵەرەکە دادەنرێت، تەنانەت لەوکاتەی کە یاریش دەکەیت دەکرێت کاری وێنەگرتنیش ئەنجام بدەیت.

## وەکمەنەکانیش بەرگی ئەندرۆیدی دەپۆشن




سیســـتەمی ئەندرۆید ئێستا شوێنی زۆر لە سیســـتەمەکانی دیکەی گرتۆتەوە، بەتایبەتی لە مۆبایل و تەبلێتەکاندا، چونکە هەم بەکارهێنانی ئاسانە و هەمیش لەبەر ئەوەی کۆدی کراوەیە هەزاران پرۆگرامی تایبەت بەو سیستەمە دروست کراون و دروستیش دەکرێن.

لەسەردەمێکدا کە هیچ ئامێرێکی دیجیتالی نەبوو، وەکمەنەکانی سۆنی شوێنی هەمووشتێکیان گرتبۆوە، هەر گەنجێکت دەدیت وەکمەنێکی پێبوو، ئەوکات کاســێتی دەخوێندەوە، بەڵام ئێســـتا بە هەزاران جۆری وەکمەنی دیجیتالی هەن، کۆمپانیای ســـۆنی لەم دواییەدا جۆرێك لە وەکمەنی بەرهەمهێناوە کە سیســـتەمی ئەندرۆیدی لەســـەرە، ئەم وەکمەنە بە ناوی ZX1 ناسراوە کە 128 گیگابایـــت هاردەکەیەتی. واتە بە قەد کۆمپیوتەرێـــك، دەیان فۆرماتی دەنگ دەخوێنێتەوە. جگە لەوەش سیستەمی بلوتوس و سیستەمی NFC لەسەرە.



## بەبێ وایەر ئامێرە
## ئەلکترۆنییەکان شەحن بکەوە

لـــەم رۆژانەدا کە ئامێرە دیجیتالییەکان ئەوەنـــدە زۆر بوونە و هیچ ماڵێك نییە چەندین ئامێری دیجیتالی تێدا نەبێت و گشت ئەو ئامێرانەش پێویستیان بە شەحنکردنەوەیە، لەوکاتەدا ئامێرێکی نوێ هاتۆتە ناو بازاڕی ئامێرە دیجیتالییەکانەوە ئەویش ئامێری شـــەحنکردنەوەی وایەرلەیسە. شـــەحنکەرەوەی وایەرلەیسی جۆری Nu-genizer N11 power گشـــت ئامێرەکانی وەك مۆبایل، تەبلێت و کامێرای دیجیتالی شەحن دەکاتەوە. تەنیا ئەوەندە بەسە کە مۆبایل یان هەر ئامێرێکی دیکە لەسەر ئەو شەحنکەرەوەیە دابنێی و ئیدی ئۆتۆماتیکی شەحن دەبێتەوە. جگە لەوەش چەندین کەلێنی بۆ دانانی کێبڵی USB هەیە بۆ ئەوەی ئەگەر بکرێت لەو کەلێنەش بۆ شەحنکردنەوە سوودی لێوەربگیردرێت.







# بۆ بلوتوسەکان پەیوەندییان پێکەوە نامێنێ؟

دەکرێ بڵێین بلوتوس ئاسانترین ڕێگای ئاڵوگۆڕی زانیارییەکانە لە نێوان مۆبایل و تەبلێتەکاندا، لەم دواییانەدا تەلەڤزیۆنە هۆشـمەندەکانیش سیسـتەمی بلوتوسیان هەیە، ئەم سیستەمە کاتێك کاریگەریی هەیە کە لە پەیوەندیکردندا هیچ گرفتێك نەیەتەپێش. ئەگەر گرفت لە نێوان پەیوەندیی دانەمەزرانی بلوتوسـەکاندا هەیە ئەم ڕێگاچارەسەرییانە بگرە بەر.

بەرلە هەمووشتێك دەبێ ئەمە بزانرێت گرفتەکان پەیوەندییان بە پرۆگرام و سەختە ئامرازەوە هەیە، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر هەتا ئێستا سیستەمی 4ی بلوتوس هەیە، ئەگەر ئامێرێك سیستەمی 2 یان 3ی لەسەر بێت یەکێکیشیان سیستەمی 4 ئەوە پەیوەندی لەنێوانیاندا دروست نابێت.

جار هەیە ڕەنگە مۆبایلەکەت سیستەمی بلوتوسی 4ی لەسەر بێت، بەڵام پرۆگرامی ئەندرۆیدی سیستەم 3یە، ئەمەش گرفتێك دروست دەکات لەنێوانیاندا. هەروەها ئامێرەکانی بلوتوسیش دەبێت لە یەك نزیك بن، بۆ نموونە تۆ ناکرێت ماوسێك کە سیستەمی بلوتوسی لەسەرە، لەگەڵ کامێرایەکی دیجیتالی کە ئەویش ئەو سیسـتەمەی لەسـەرە پێکەوە پەیوەندییان دابمەزرێنیت. بەڵام دەکرێت مۆبایلێك و هیندزفری پێکەوە لە پەیوەندیدابن. هەروەها دەبێت بلوتوسەکەت لە حاڵەتی ناسـیندا دابنێیت، ئەگەر ئەوانە پێکەوە یەکتر نەناسن پێکەوە پەیوەندییان نابێت..










# مەچەکبەندە دیجیتالییەکان شوێنی مۆبایل دەگرنەوە

نزیك بە دوو سـاڵ دەبێت بازنەی دیجیتالیش لەناو ئامێرە دیجیتالییەکاندا شـوێنی خۆی گرتـوە، کۆمپانیای Fitbit لەم بوارەدا جێ پەنجەی دیـارە و چەندین بازوبەند یان بازنەی دیجیتالی بەرهەم هێناوە، نوێترین مەچەك بەند یان بازنەی دیجیتالی بەناوی Force چەندین تایبەتمەندی تێدایە کە تەنیا لە مۆبایلە ژیرۆك و پێشکەوتووەکاندا هەیە، وەك: بەرزی پێو، ئەم بەرزی پێوە قەد و باڵای بەکارهێنەرەکەی دەپێوێ و زانیاریی ورد لەبارەی ڕێجێمی خۆراکی و وەرزشیی ڕۆژانەی دەداتە بە خاوەنەکەی، هەروەها تایبەتمەندییەکی دیکەی تێدایە بەناوی Floors کە ژمارەی ئەو قادرمانەی لە ڕۆژدا بەسەریاندا ڕۆیشتوویە دەژمێرێت.

شاشـەکەی کاتژمێری لەسەرە کە ئاوی ناچێتێ، هەروەها دوگمەیەکی لەسەرە کە تایبەتە بە ڕێکخستن و دەستکاری کردن.



# هواوی دەیەوێ ڕکابەرێتیی گالاکسی و ئایفۆن بکات


دوای ئەوەی کە بەشێکی زۆری کۆمپانیای نۆکیا لەلایەن کۆمپانیای مایکرۆسۆفتەوە کڕدرا، ئیدی ئەم کۆمپانیایە تەواو لاواز بوو، هەربۆیە کۆمپانیای دیکە شوێنی گرتوونەتەوە، کۆمپانیا هواوی Huawei بۆ مۆبایل کە کۆمپانیایەکی چینییە، لەم بۆشاییەی نۆکیادا پلانێکی نوێی داناوە بۆ ئەوەی بتوانێت ڕکابەرێتی مۆبایلە زیرەکەکان بکات بەتایبەتی ئای فۆن و سامسۆنگ گالاکسی، چونکە ئەم دوو کۆمپانیایە تا رادەیەك هۆکار بوون کە نۆکیا بچێتە پاڵ مایکرۆسۆفتەوە.

دوایـن مۆبایلی زیرەکی، مۆبایلی (Huawei ascend p6) ـە کە هەموو تایبەتمەندییەکانی گالاکسی و ئایفۆنی تێدایە، هەروەها چەند تایبەتمەندییەکی دیکەشی تێدایە کە لە مۆبایلەکانی دیکەدا نییە لەوانە تەنکی شێوەکەی کە تا ئێستا بە تەنکترین مۆبایل دابنرێت، هەروەها سیستەی(back up)ی هەیە کە بەکارهێنەر دەتوانی هەموو کارەکانی پێشووتری بگەڕێنتەوە شوێنی خۆی وەك یاری و نامە و ئەپلیکەیشنەکان و لە 57 وڵاتدا گرەنتی یەك ساڵی هەیە.





## لەم سایتەدا دەکرێت سەیری گشت تەلەڤزیۆنەکان بکەیت



زۆر سایت هەن کە ئەرکیان نیشاندان و پەخشکردنی پرۆگرامەکانی تەلەڤزیۆنە سەتەلایتییەکانە، یەکێك لەم سایتانە سایتی www.viewmy.tvیە، بەهۆی ئەم سایتەوە دەتوانی کەناڵە تایبەتییەکان لە هەر گۆشەیەك لە جیهاندا بڵاوبکرێنەوە بدۆزیەوەو سەیریان بکەیت.

گەر حەز دەکەیت سەیری لیستی ئەو تەلەڤزیۆنانەی بکەیت کە لەگەڵ ویستی تۆ دەگونجێن دەکرێت ئەو لیستەی کە مەبەستتە هەڵبژێریت. جگە لەوەش دەتوانیت بەپێی تەلەڤزیۆن وڵات و کیشوەرەکانیش هەڵبژێریت. کاتێك کە وڵاتێك هەڵدەبژێریت، لەلای چەپی سایتەکەدا لیستێك لە کەناڵی تەلەڤزیۆنی ئەم وڵاتە دەکرێنەوە.

## دێڵ و دوو تـ



کۆمپانیای دێڵ لەوکاتەی کە چالاکییەکانی خۆی لە بواری کۆمپیوتەردا چڕکردۆتەوە، وەك کۆمپانیایەکی سەرکەوتوو خۆی نیشانداوە، لەم دواییەدا کە تەبلێت وەك ئامێرێکی دیجیتالی کەوتە بازاڕەوە، کۆمپانیای Dell لەم بوارەشدا خۆی تاقیکردەوە. نوێترین تەبلێتی کۆمپانیای ناوبراو دوو تەبلێتن بەناوەکانی Venue 8 pro و Venue 11 pro. تەبلێتی یەکەم شاشەکەی 8 ئینجە و لە جۆری HD IPS و قەڵەمێکی دیجیتالی

# جیهانی گەمەی ئەلکترۆنی و داهێنانێک

گەمەی ئەلکترۆنی لەم چەند ساڵەدا بووەتە بەشێك لە سەرگەرمی رۆژانەی بەکارهێنەرانی کۆمپیوتەر، گەمەی ئەلکترۆنی تایبەت نییە بە تەمەنێکی دیاریکراو و ساڵانە بودجەیەکی زۆر لەلایەن کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی گەمەی ئەلکترۆنی تەرخان دەکرێت بۆ بەرهەمهێنانی یاریی نوێ، ئامرازی گەمەی نوێ، ئامرازی لاوەکی نوێ بۆ گەمەکردن.



کۆمپانیای Valve یەکێکە لەم کۆمپانیانەی کە زۆربەی ئەرکەکانی لەم بوارەدا چڕ کردۆتەوە، لەم ماوەیەدا گەیم پەدێکی تایبەتی بەرهەم هێناوە کە بە جۆری steam Controller ناسراوە.

ستەیم کۆنترۆلەر لە بری ئەوەی کە وەك جۆی ستیك بچێت، دوو شوێنی تایبەتی هەیە کە پەنجە گەورەی بەکارهێنەر لەسەر ئەم شوێنە دادەنرێت و کە بە بۆچوونی کۆمپانیای ناوبراو ئەمە داهێنان و گۆڕانکارییەکە لە جیهانی گەمەی ئەلکترۆنی و دەسکی گەمەی ئەلکترۆنیدا، جگە لەوەش ئەم دوو شوێن یان پەدانە دەسکی گەمەکە زۆر لە پەدی لاپتۆپ یان ماوسی لەمسی نزیك دەکەنەوە. بەهۆی چەند موگناتیسێکی بچووك بەڵام بەهێز کە لەم پەدانە داندراون، دەکرێت بەباشی کۆنترۆڵی یارییەکە بکرێت. لە ناوەندی ستیك کۆنترۆلەرەکەدا شاشەیەکی لەمسی هەیە کە بەهۆیەوە دەکرێت بەکارهێنەر ئەرکی تایبەت بەگەمە کردن ئەنجام بدات، لەگەڵ ئەوەیدا کە تەواوی شاشە لەمسییەکە دەکرێت کلیك بکەی.

# پرۆگرامێک بۆ دەستکاریکردنی فیلم

بۆ دەستکاریکردنی وێنە و فیلم سەدان پرۆگرامی تایبەت هەن، کە هەر کامیان کارکردی تایبەت بەخۆیان هەیە، یەکێك لەو پرۆگرامە سەرکەوتووانە پرۆگرامی Oposoft Video Editor ـە. کارکردنی پرۆگرامی ناوبراو ئەوانەن: زۆر بەئاسانی دەکرێت فۆرماتە ڤیدیۆییەکان بۆ یەکتر بگۆڕدرێن. بە ئاسانی دەکرێت سوودی لێوەربگیرێت. بە سوود وەرگرتن لەو پرۆگرامە دەتوانیت ئەو بەشانەی کە لە ڤیدیۆ پێویستت پێی نییە ببڕیت. هەروەها توانای دانانی چەندین فۆرماتی ڤیدیۆیی لە یەك فایلدا هەیە. دەشکرێت فایلە ڤیدیۆییە گەورەکان بکەیت بە چەندین کلیپی بچووك. زۆربەی فۆرماتەکانی تایبەت بە رەنگ و دەنگ دەخوێنێتەوە.





# هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت، ماوەیەکە لاپتۆپەکەم تووشی گرفتێك بووە، ئەویش لەسەر هێمای باتری کە لە خوارەوە لای کاتژمێر و کیبۆردە هێمای جارانێکی سووری بەسەردا دێت، کەچی باترییەکە هەروەك خۆی کار دەکات و بەڵام نازانم ئەم هێما سوورە مانای چییە و چۆن لا دەچێت؟

خوێنەری بەڕێز ئەم هێمایە لەو کاتەدا دێتە پێش کە ئێوە زۆر جاران باترییەکەتان هەتا تەواو نەبووە شەحنتان نەکردۆتەوە، ئێستا باترییەکە و درایڤی باتری کە لە ویندۆزدا هەیە یەکتر ناناسن، بۆ ئەم مەبەستە دەبێت سەرلەنوێ ویندۆزێکی ئورجیناڵ لێبدەیەوە و تەعریفی گشت درایڤەکانیشت هەبن ئەوکات بێگومان ئەم هێما سوورە لادەچێت، بەڵام قەت ئیزن مەدە باترییەکەت تەواو شەحنەکەی دابەزێت.



# ـــــــەبلێتی نوێ

لەگەڵدایە.

تەبلێتی دووەم پرۆسیسەری بەهێزی جۆری Core i3 ی لەسەرە و بۆ ئەم تەبلێتەیان جگە لەوەی کە تەبلێتە دەکرێت وەك لاپتۆپیش سوودی لێوەربگیرێت چونکە کیبۆردێکی تیابەتی لەگەڵدایە. ئەم کیبۆردە کاتێك کە سوودی لێوەرناگیرێت وەك پارێزەری شاشەی تەبلێتەکە سوودی لێوەردەگیرێت.

هەردوو تەبلێتەکە سیستەمی ویندۆز 8یان لەسەرە لەگەڵ زۆربەی پرۆگرامەکانی تایبەت بە ویندۆز.